KURDISTAN NET
کوردستان نێت
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 1-10-2007 20:08

## سوڵحی عەشایەری ... هەردی شەفیق

من لەگەڵئەوە دانیم سوڵحی عەشایەری لەهەموکاتێکدا خراپ بێت. بەتایبەتی ئەگەرلایەنی و یژدانی و مرۆیی تێدا ڕەچاو بکرێت. سوڵحی عەشایەری خۆی بۆخۆی لە دەست وپی سپی بوونی دەسەڵاتی یاسا دێتەئاراوە. لەچارە سەرکردنی کێشەکاندا. لەزۆر کاتدا ئەمجۆرە ئاشتەواییە کەبە (سوڵحی عەشایەری) ناو دەبرێت سود و بەرژەوەندی کۆمەڵگای تێدا بووە، لەگەڵ ئەوەشدا زۆربەی کات ئەگەرچی لەڕێگای ئەم جۆرە عادات و ڕێسایانەوە کەلەناو چە عەشایەر یەکانەوە تاشارەکانیش پەیڕە و دەکرێت. بەزیانی قوربانیەکەو کۆمەڵگا دوایی هاتووە. کاتێك کەسێك کوژراوە کەسوکاری لەبەرانبەردا بەبڕێك پارە لیی خۆشبوون، یان بەپارە و ژن لیی خۆشبوون کەئەمەش



ڕێخۆشکەرە بۆدووبارە بونەوەی کوشتن و کوشتار و تێداچوونی مافی قوربانیەکە، ئەگەربێگوناهیش بووبێت، ڕەنگە کەسەکانی دەوروبەریشی ئەوانەی دەبنە کوێخاو دەم سپی لەوانەیە لەگەڵ قوربانیەکەدا دانویان پێکەوەنەکولابێت. ئەمەش وادەکات لەبەرژەوەندی بنەماڵەی پیاو کوژ و قوربانیەکە کۆتایی بێت و تاوانباریش وەك بەرزەکی بانان بۆی دەربچێت و دوریش نیە بەردەوام بێتەوە لەسەر مرۆڤ کوشتن، یاهەموو ئەو کچانەی لەسەر نامەیەك کوژراون و سوڵح لەگەڵ بنەماڵەی کوڕەکەدا کراوە و بکوژەکانیش کێشەکەیان دیزە بەدەرخۆنەکردووە و بەپێی یاسای خێڵ و عەشرەت دەست خۆشیان لێکردوە و دەسەڵاتیان لەسەروی دەسەڵاتی قانوون و یاساوەبووە.

زۆرجار گوێمان لێبووە لەشوێنێکدا شەڕێك ڕوی داوە و خزموکەس و کاری کابرای شەڕکەر هانیان داوە بیکوژە (ماڵی دەدینارمان ئەکەوی) ئەمەش ئەگەڕێتەوە بۆئەوەی لەکۆتایدا هەموشتێك بەپارە چارەسەرئەکرێت و لێرەوە کوشتنی مرۆڤ دەبێتە شتێکی ئاسایی. لەوەش خراپتر لەکاتی ئاشتەوایی دووبنەماڵەدا ژن قوربانی دەسەڵاتی پیاوە، باوکی یابراکەی کەسێکی کوشتوە و بۆئاشت بونەوە و لێکتر نزیك بونەوە بەکچ وپارە سوڵح ئەکەن. کەئەوەش خۆی لەخۆیدا گەورەترین کێشەیە کابرای باوك کوژراو یان برا کوژرا و بەشێوەیەك بەرخورد لەگەڵ ئەو ژنەدا دەکات وەك ئەوەی ئەو براکەی کوشتبێت، بەمەش نەك هەرئاشتەوایی نێوان دووبنەماڵە دروست نابێت و ژیانی ئەو ژن وپیاوە دەبێتە دۆزەخ، شیرازەی خێزانێکیش تێك دەشکێت و دەبێتە هۆی دوبارە بوونەوەی خوێنڕێژی و هەموئەم کارانەش بەدیار چاوی قانون و یاساوەدەکرێت.

jgarsoz8181@yahoo. com

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.